




**ئەژین عەلی**

**یاریزانی تۆپی سەرمێزی یانەی وەرزشی ئەفرۆدێت:**

# لە کوردستان کەمتر گرنگی بە یارییە تاکییەکان دەدرێت

■ شاری سلێمانی خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانایە لە یاری تۆپی سەرمێز کە کۆنترۆڵی هەڵبژاردەکانی عێراقیان کردووە لە ئاستە جیاوازەکان، یەکێک لە کچە یاریزانە بەتواناکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقیش ئەژین عەلی ـیە کە ساڵی ١٩٩٧ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و ئێستا جیا لەوەی قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سلێمانی، هاوکات یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی یانەی ئەفرۆدێت و خاوەنی ئاستێکی بەرزی یاریکردنە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە ئاستی شاری سلێمانی کوردستان و عێراق، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان ـی دایەوە.



*** چۆن بوو خۆت لە نێو دنیای یاری تێنسی سەرمێز دۆزییەوە؟**

-هەر لە منداڵییەوە حەزم لە وەرزش بوو، بەتایبەتی یاری تێنسی سەرمێز، بۆیە ئەم یارییەشم هەڵبژارد، چونکە یەکێك بوو لە ئاواتەکانم کە بەم یارییە بگەم.

*** ئاستی یاری تۆپی سەرمێز لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بە شێوەیەکی گشتی زۆر خراپە، چونکە لە کوردستان کەمتر گرنگی بە یارییە تاکییەکان دەدرێت لە چاو یارییەکانی تر کە گرنگی زۆری پێ دەدرێت و کاری باشتری بۆ ئەنجام دەدرێت.

*** هەست ناکەی بە هۆی کەمیی کردنەوەی پاڵەوانێتی ئاستی کچان وەکو پێویست نییە؟**

-بێگومان بەهۆی نەکردنەوەی پاڵەوانێتییەکان یانەکانیش کەمتر گرنگی بە مەشقەکان دەدەن بۆ کچان، ئەمەش دەبێتە هۆکار کەوا یاریزانانی کچ کەمتر روو لە وەرزش بکەن.

*** پێتوایە بۆ باشتربوونی رەوشی ئەم یارییە دەبێت چی بکرێت؟**

- هۆکاری سەرەکی بۆ باشتربوونی رەوشی ئەم یارییە کردنەوەی پاڵەوانێتی زۆر و بەردەوامە، جگە لەوەش مەشقی بەردەوام بۆ یاریزانان دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ ئەوەی یاریزانان هەموو کات بۆ ئەنجامدانی یارییەکانیان ئامادەبن.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت و خەونی وەرزشیت چییە؟**

-بەرنامەم ئەوەیە زیاتر بەشداری بکەم لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوەی کوردستاندا بۆ ئەوەی بتوانم ئاستی راستەقینەی خۆم پێشکەش بکەم و هەڵی زیاترم بۆ برەخسێ بۆ یاریکردن. خەونی گەورەشم بوون بە پاڵەوانە لەسەر ئاستی عێراق و دەرەوەش.

*** تا چەند دۆزینەوەی یاریزانانی کچ بۆ راهێنەران زەحمەتە؟**

-بێگومان زۆر زەحمەتە. یاری تێنس یارییەکی قورسە و پێویستە لە تەمەنێکی منداڵییەوە مەشق و راهێنانیان پێ بکرێت، بۆیە رێژەی یاریزانانی کچ کەمترە لە چاو کوڕان.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانێتیکی نێودەوڵەتی بکات؟**

-بە دڵنیاییەوە یاریزانانی کوردستانیش ئاستێکی زۆرباشیان هەیە و ئەگەر کوردستانیش بەشداریکردنی لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە بۆ برەخسێ بەتایبەتی پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامیان دەبێت، بەڵام لە کاتێکدا ئەوە دەکرێت کە هاوکاری بکرێن.

*** خانەوادەکەت تا چەند بۆ وەرزشکردن هاوکارتن؟**

-زۆر سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم کەوا پشتگیریی بەردەوامم دەکەن و هەموو کات لەگەڵ منن وەکو یارمەتیدان تا باشترین ئەنجام بەدەست بهێنم.

*** هیچ یانەیەك داوای گرێبەستی لێ نەکردوویت؟**

-بەڵێ، چەندین یانە داوای گرێبەستیان لێ کردووم، بەڵام من یانەی ئەفرۆدیتم لە هەموو ئەو یانانە پێ باشتر بووە.

*** پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-پێشنیارم بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی ئەوەیە کە پاڵەوانێتی زیاتر بکەنەوە و زیاتر گرنگی بە یاریزانانەکان بدەن و هۆڵ و پێداویستی وەرزشی تێنس دابین بکەن، بۆ ئەوەی کچە یاریزانان زیاتر رووله وەرزش بکەن.

*** چیت ماوە لە کۆتاییدا باسی بکەیت؟**

-زۆر سوپاسی بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەم هەموو خزمەتکردنەی بە وەرزشی ناوخۆ و سوپاسی راهێنەرەکانم دەکەم (سەیفەدین، کاروان، رێزان خان) کە هەموو کات هەوڵم لەگەڵ دەدەن بۆ ئەوەی باشترین ئاست پێشکەش بکەم.




# بەرشلۆنە شوێنگەرەوەی ئەلڤێس دیاری دەکات

بەهۆی ئەگەری ڕۆیشتنی (دانی ئەلڤێس)ی بەرگریکاری یانەکە، بەرپرسانی یانەی بەرشلۆنە رایانگەیاند، کە شوێنگرەوەی ئەو یاریزانەیان دەستنیشان کردووە.

رۆژنامەی (سپۆرت)، ئاشکرای کردووە، کە بەرپرسانی یانە کەتەلۆنییەکە گفتوگۆیان لەگەڵ یانەی ڤاڵەنسیا کردووە، بۆ ئەوەی گرێبەست لەگەڵ (جواو کانسیلۆ)ی بەرگریکاری پورتوگالی یانەکە واژۆ بکەن، ڕۆژنامەکە ئاماژەی کردووە، کە (لویس ئێنریکی) راهێنەری بەرشلۆنە متمانەی تەواوی بە هەردوو یاریزان (ڤیدال) و (سێرجی رۆبێرتۆ) نییە، بۆیە بەدوای یاریزانێک دەگەڕێت



# دیگۆ سیمیۆنی بەمەرج لە ئەتلەتیکۆ مەدرید دەمینێتەوە

رادیۆی کادیناکۆپی لە هەواڵێکی تایبەتیدا بڵاوی کردەوە کە دیگۆ سیمیۆنی ڕاهێنەری ئەتلەتیکۆ مەدرید مەرجی هەیە بۆ بەردەوام بوون لە ڕاهێنەرایەتی کردنی یانەکە. ئەو سەرچاوەیە باس لەوەدەکات سیمیۆنی ئەو مەرجەی پێشکەش بە ئیدارەی یانەکە کردووە کە دەبێت گرێبەستی گەورە ئەنجامبدەن، بەتایبەتی مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانی هێڵی هێرشبەری یانەی چێڵسی دیگۆ کۆستا لە پێناوی رکابەریکردنی دوو یانە زلهێزەکەی ئیسپانیا، هەمان سەرچاوە باس لەوەدەکات بە ئەگەری ٩٠٪ سیمیۆنی وەرزی داهاتووش بەردەوام دەبێت لەگەڵ ئەتلەتیکۆ مەدرید.

شایانی باسە ئەم وەرزە ئەتلەتیکۆ مەدرید توانی خۆی بگەیەنێتە قۆناغی کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا و بەرامبەر ریاڵ مەدرید توشی شکست هات.

که خاسیەتەکانی لە دانی ئەلڤێس بچێت.
لە درێژەی هەواڵەکەی سپۆرت هاتووە، کە هێنانی جواو کانسیلۆ بۆ یانەی بەرشلۆنە کارێکی زەحمەت نابێت، ئەویش بە قۆستنەوەی ئارەزووی یانەی شەمشەمە کوێرەکان بە خواستنی (تیلۆ) و(خالیلۆڤیتچ) ی هەردوو یاریزانی لاوی بەرشلۆنە بۆ یانەکە، ئەو کارەش گەر ئەنجام بدرێت، ئەوا یانە کەتەلۆنیەکە بێ هیچ بەربەستێک گرێبەست لەگەڵ بەرگریکارە پۆرتوگالییەکە واژۆ دەکات.

# یۆڤێنتۆس چاوی لە سێ یاریزانی یانەی شاهانەیە

یانەی یۆڤێنتۆس، پاڵەوانی کاڵچیۆ و جامی ئیتاڵیا، ٣ یاریزانی یانەی ریاڵ مەدریدی کردۆتە ئامانج بۆ ئەوەی لە وادەی گواستنەوەی هاوینە گرێبەستیان لەگەڵ واژۆ بکات.
رۆژنامەی (تۆتۆ سپۆرت)ی ئیتاڵیا، بڵاویکردووەتەوە، کە یانەی یۆڤی بۆ تۆکمە کردنی ڕیزەکانی ٣ یاریزانی یانەی شاهانەی کردۆتە ئامانج، بە گوێرەی هەواڵی رۆژنامەکە، بەرپرسانی هەردوو یانەی ڕیاڵ و یۆڤێنتۆس گفتوگۆی راستەوخۆ لەسەر ئەو بابەتە دەکەن و لە هەمان کاتدا چارەنووسی مۆراتاش یەکلایی دەکەنەوە.
بەگوێرەی ڕۆژنامەکە یانەی یۆڤێنتۆس داوای هەر یەکە لە تۆنی کرۆس و کۆڤاستیچ و بۆرخا مایۆراڵی کردووە، تا ئێستاش هیچ وەڵامێکی فەرمیی لە یانەی شاهانەی وەرنەگرتووەتەوە، بەڵام پێشبینی دەکرێت بۆرخا مایۆراڵ یاریزانی لاوی یانەی ڕیاڵ بە شێوەی خواستن بە هەمان مەرجەکانی مۆراتا بۆ یۆڤێنتۆس یاری بکات.



## رزگار عەلی چاوی لە ئەنجامی گەورەترە

دوای ئەوەی ئەم وەرزە کارگێڕانی یانەی سیروانی نوێ بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە رزگار عەلی-یان وەکو راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەکەیان دەستنیشان کرد، راهێنەری ناوبراو توانی سەرکەوتوو بێت لە سەرخستنی تیپەکە بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان بە پلەی یەکەم و تاکە نوێنەری شاری سلێمانی دەبێت لە خولەکە، لە بارەی مانەوەشی لە گەڵ تیپی تۆپی پێی یانەکە رزگار عەلی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: من وەکو راهێنەری یانەکە بەردەوام دەبم بۆ ئەوەی بتوانین لە وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستان لەگەڵ یانەی سیروانی نوێ درێژە بە کارەکانمان بدەین، هەر چەندە ئەمساڵ توانیمان کێبڕکێ بکەین لەگەڵ سەرجەم یانەکانی تر کە دووجار بەرهەمەکەمان چنییەوە، سوپاسی یاریزانان و کارگێڕانی یانەکەش دەکەین کە ئەوان هاوکارێکی باشی تیپەکەمان



## پێشمەرگە و گواردیۆلا لێکتر جیا نابنەوە

## گۆڵکارەکەی گازی باکوور بەردەوام دەبێت





بوون و توانیمان ئامانجی خۆمان بپێکین، هەوڵیش دەدەین بەرنامەی باشتر دابنێین بۆ تیپەکەمان بۆ ئەوەی درێژەپێدەری ئەنجامی شایستە بین و یانەی سیروانی نوێ قۆناخ بە قۆناخ بەرەو پێش ببەین.»

لەگەڵ ئەوەی ماوەی دوو وەرزە سەمیر بابۆ ناسراوە بە گواردیۆلاکەی کوردستان سەرپەرشتی مەشقی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر دەکات لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئەمساڵیش جیاواز لە ساڵی رابردوو سەمیر هەر لە سەرەتاوە پلانێکی تۆکمەی بۆ تیپەکە دانابوو کە تا دوایین هەفتەکانی کۆتایی خولەکە کێبڕکێی بەدەستهێنانی نازناوی خولەکەی دەکرد. دواتر پلەی دووەمی ریزبەندی یانەکانی بەدەستهێنا، لەگەڵ تەواوبوونی یارییەکانی خولەکەش چەند یانەیەك چاودێری سەمیر بابۆیان کردووە بۆ ئەوەی بیگوازنەوە ریزی یانەکانیان، بەڵام بابۆ لە مەشقدانەوەی تیپەکەی بەردەوام دەبێت، لەم بارەشەوە سەمیر بابۆ راهێنەری یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەڵێ چەند گرێبەستم بۆ هاتووە لەلایەن یانەکانی شارەکانی دیکەی کوردستان، بەڵام من تاکو ئێستا هیچ وەڵامێکی ئەوانم نەداوەتەوە، چونکە پەیوەستم بەم گرێبەستەوە کە لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر هەمە و بۆ ماوەی چوار ساڵیشە، بۆیە ئێستا زووە بۆ ئەوەی من هیچ بڕیارێك بدەم لەسەر چارەنووسی خۆم، لە ماوەی داهاتووش لەگەڵ بەرپرسانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر کۆدەبمەوە بۆ ئەوەی قسە لەسەر تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگە بکەین، ئەمساڵیش توانیمان ئاستێکی باش لە خولی نایابی کوردستان پێشکەش بکەین و تا دوایین هەفتە لە ململانێ بین لەگەڵ تیپەکانی تر، پەنابەخوای گەورە بەردەوامیش دەبم لە مەشقدانەوەی یانەی پێشمەرگە، چونکە پێشمەرگە هەموو کاتماڵی من بووە و هەستم نەکردوە لەم یانەیە میوانم، کارگێڕانی یانەکەش زۆر لەگەڵمان باشن، بۆیە ئێمەش حەز بە خزمەتی زیاتری یانەکە دەکەین.

**دوای ئەوەی ئەم وەرزە یونس شوکر گۆڵکاری یانەی زاخۆ پێوەندی کرد بە ریزی یانەی گازی باکووری شاری کەرکووك کە چەندین گرێبەستی رەت کردەوە بۆ ئەوەی لە نزیك خانەوادەکەی بێت، لە ئێستاشدا یونس شوکر سەرەڕای ئەوەی توانی تیپەکەی بەسەر بخات بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کە گۆڵکاری تیپەکەش بووە، ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ بەردەوامبوون لەگەڵ تیپەکەی لەم بارەشەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سوپاس بۆ خوای گەورە کە توانیمان بە پاڵپشتی راهێنەر و یاریزانان و دەستەی کارگێڕی ئامانجی خۆمان بپێکن لە سەرکەوتنمان بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان و یانەیەکی تری شاری کەرکووك زیاد بکەین لە خولی نایابی کوردستان، ماندووبوونێکی زۆرمان بینی تاکو سەرکەوتووین بۆ خولی نایاب، بۆیە تاکو ئێستاش من بیرم لە جێهێشتنی یانەی گازی باکوور نەکردووەتەوە، چونکە من پەیوەستم بەم گرێبەستەی کە لەگەڵ یانەکە هەمە و یانەی گازی باکووریش لە خولی پلە یەکی عێراقی سەرکەوتووە، بۆیە منیش یاریزانی ئەو یانە دەبم لە خولی عێراقیش بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، بەڵێنی ئەوەش دەدەم کە زۆرترین خزمەت بەم یانەیە بکەم تاکو لەگەڵیان بەردەوام بم.**